# مۆڤی سەگی

ناوی کتێب:  مــرۆڤـی سەگی
نووســینی: ســالار عــومــەر
نـەخـشەسازیی ناوەوە: زەردەشت کاوانی
نـەخـشەسازیی بەرگ: ئیخـــلاص دیـزاین
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، ١٤٤٥ کۆچی - ٢٠٢٤ ز
تیراژ : ١٠٠٠ دانە

مافی چاپ کردنی پارێزراوە بۆ نوسەر

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٥٧٦) ی ساڵی «٢٠٢٣»ی پێ دراوە.

# مرۆڤی سەگی

# Human pups

نووسینی

سالار عومەر

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشکەشە بە

هەموو ئەوکەسانەی کۆیلایەتی و بوون بە سەگ و ئاژەڵ ڕەتدەکەنەوە و سنووری مرۆڤ بوون و ئازادی خۆیان و خەڵکیش دەپارێزن.

# پێشەکی

سـالار عومـەر

هەموو ئەو ڕەگەز و گرووپانەی بانگەشەی مافی مرۆڤ و ڕەگەزگۆڕین و ئازادی و مافی مرۆڤ و...هتر، دەکەن، بە هۆی پاتاڵی و لاوازییانەوە، شیاوی دژایەتی و وردوخاشکردن و ڕیسواکردنن و ئەوانە زیاتر شیاوی مەرگن نەك ژیان، لە کاتێکدا گەر نەگۆڕان و بەردەوامبوون لەسەر ئەو کارە نابەجێ و ئاژەڵیانەیان، چونکە ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە جگە لە نەخۆشی و پیسی هیچی تریان نییە تا پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەن و ئەو بابەتانەی بانگەشەی بۆ دەکەن لەگەڵ تەندروستی، جوانی، دلێری، بەخشندەیی ڕۆح و خودی ژیاندا لێك دژن.

ئاشکرایە، ئەو جۆرە گرووپ و ڕێکخراوانە کەشێك دروست دەکەن کە تێیدا ژیانی ئەم دونیایە نەفی و نکۆڵی دەکەن و کەشێکی پیس و خنکێنەر دەهێننە ئاراوە.

لەم سەردەمەدا بە هۆی زۆری کردەی تاوانەوە عەقڵ گەنییوەکان، گیانە بێهێزەکان توشی گەنیووبوون دەکەن، خاوەن شعورەکان بەرەو بێشعوری دەبەن و لە هەوڵدان پاکەکان و پاکییەکان پیس و گەنیوو بکەن هاوشێوەی عەقڵیان، بۆیە دەبێت ئێمە لە بەرانبەریاندا گیانێکی بەهێزمان هەبێت و تا سنووری مەرگ بجەنگین، بۆ مانەوە و خۆڕاگری و بەرگریکردن لە چاکە و نەهیکردن لە هەموو خراپە و پیسییەکانی ئەم ڕێکخراو و گرووپانەی سەر بە عالەمانیەت و شوێنکەوتووەکانیان.

بێگومان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی وەها، ئەوانیش لە بەرانبەردا چەند واقعییەتێك درك پێدەکەن و لەکەداری دەکەن، چەندین درۆ پیرۆز دەکەن، چەندین ویژدان پەریشان دەکەن و چەندین «خودا»، بۆ ئەم میللەتە دەتاشن، تا بتوانن ڕووبەڕوومان ببنەوە و خەڵکی بە مێگەل چەواشە بکەن.

هۆی نووسینی ئەم پەرتووکە بۆ ئەوەیە، ڕیسوایی ڕۆژئاوا و بەچکەکانیان لە ناو میللەتانی موسڵمان بە دیار بخەین کە چەندە مایەپووچن لە ئەخلاقی جوان، بێگومان ڕسواکردنی گشت ئەو شتانەی لە چێوەی ئەخلاقی مایەپووچاندا و دژایەتی پاکی و پیرۆزی ئیسلامیش دەکەن بە «چاکە» هەژمار دەکرێت.

هەڵبەت مەلەکردن بە پێچەوانەی تەوژمی ڕووبارەوە، کاردانەوەی مێگەلی لێ دەکەوێتەوە، و بەرەو پیلانگێڕی لە دژی مرۆڤی باڵا دەیانبزوێنێن، ئێمەش بە پشتیوانی خودای پەروەردگاری تاك ئامادەین بۆ ئەم کاردانەوانە...

داواکارم لە پەروەردگاری تاك لەسەر ڕێڕەوی مرۆڤی نموونەیی و پاك و چاك بەردەوامیان پێ ببەخشێت و لە هەموو چەواشەیەکی ڕۆژئاوا و بەچەکەکانیان لەناو ئەو میللەتە بمانپارێزێت و ڕووی ڕاستی ئەوانیشمان نیشانبدات تا هەموو بزانن ئەو کەسانە چ ئاژەڵێکی چوارپەل و بێشعورن لە جەستەی مرۆڤدا.

**ئاداری ٢٠٢٣ هەولێر**

## پێش باس

ئیسلام ئادەمیزادی لە بوونەوەرێکی کەمزان و هەڵەکار و بێ گوێ، بۆ بوونەوەرێکی ڕاست و گوێڕایەڵ ئاڕاستە کرد و گۆڕی، ئەو مرۆڤانەی بەڕاستی خاوەنی ئیرادەی ئازادی پەیوەست بە کردارن، لە ناوەوە باوەڕیان بە ئیسلام هەیە، لە بەرانبەردا ئەوانەی ئیسلامیان پێ قبوڵ نییە جگە لە دژایەتی چیتریان نییە، جگە لەئەوەش خۆیان ون دەکەن و نازانن مەبەستی بوون و ئەرکیان چییە، بۆیە دەست بۆ هەموو کارێکی نابەجێ درێژ دەکەن، ئەگەر ئەم کارەش دەرچوون بێت لە سنووری مرۆڤبوون و بوون بە ئاژەڵ بێت.

ئەوەتا ڕۆژانە لە ڕۆژئاوادا بەشێك لە مرۆڤەکان خەریکی ڕەگەز گۆڕین و ژیان گۆڕین و خۆکردنە ئاژەڵن، خۆیان ون کردووە، خێزان بوونی نییە، نازانن لە چی و لە کێ هاتوونەتە دونیا و نەوەی کێن، ئاژەڵ یان مرۆڤ؟! بۆیە هەر شتێك دەیانەوێت و ئارەزووی لێدەکەن دەستی بۆ دەبەن بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆڤبوون، ئەمەش گەورەترین شکانەوەی ڕەوشتی ڕۆژئاوایە.

بابەتی (مرۆڤی سەگی - کلاب البشریە - humam pups) لە ئێستادا لە ڕۆژئاوا بابەتێکی مەترسیداری کۆمەڵگەیە و خەڵکێکی زۆر بوونەتە «سەگ» و ڕۆژانە ژمارەی ئەو کەسانە لە زیادبوونە کە کەسایەتی خۆیان دەگۆڕن بۆ سەگ.

من گومانم نییە گەر ئەم باسە بێتە کوردستان ڕێکخراوە بێ گوێ و نابیناکان کە بەچکەی پەروەردەکراوی دەستی ڕۆژئاوان، ڕاستەوخۆ دێنە سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پشتگیری «مرۆڤی سەگی» دەکەن و لەبەرچاوی خەڵکی بە جوان وەسفی دەکەن و خەڵکی هاندەدەن ڕەگەزیان بگۆڕن و ببن بە «سەگ» و بودجەی زەبەلاحیان بۆ دابین دەکەن.

جگە لە ئەوانە بەشێکی ئەم میللەتە باوەش بۆ ئەم گۆڕانکارییە دەکاتەوە و ئامادەن ببن بە»سەگ»، وەك چۆن هەندێك کەس بوونەتە «کەر» و ڕێکخراو و حیزبیان بۆ دروستکراوە و لەشاشەکانی ڕاگەیاندنەوە پیشانی خەڵکیان دەدەن، هەمان شێوە بۆ ئەوکەسانەش دەکەن کە بیانەوێت ببن بە «سەگ».

لەم هەرێمە کەسانێك هەن بوونەتە «سەگ» ی بنەماڵەو کەسایەتی و حیزبایەتی و لەبەردەم دەرگاکانیاندا خەرکی «حەپینن»، جیاوازییان لەگەڵ ڕۆژئاوا ئەوەیە تەنها جلوبەرگی سەگیان نەپۆشیووە، بەڵکو سەگن لە بەرگی مرۆڤدا، ئەم جۆرە کەسانە ژمارەیان زۆرە بەڵام ئەوانەی خۆیان دەردەخەن لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات، ڕەنگە هۆکاری ئەم کەم دەرکەوتنە ئەوەبێ هێشتا کاتی دەرکەوتنی هەموویان نەهاتبێ، بۆیە جار جار و ماوە ماوە دەردەکەون.

ئەم بابەتە «مرۆڤی سەگی» بابەتێکی سادە نییە بەڵکو لەلایەن ڕێکخراو و بەچکە عەلمانییەکان و بەچکە دەجالەکانەوە کاری لەسەر

دەکرێت و بە جیهاندا بڵاوی دەکەنەوە وردە وردە تا لای مرۆڤ دەیکەنە بابەتێکی ئاسایی و هەموو نەتەوەکان ئەم نەخۆشییە بچێتە ناویانەوە و مرۆڤایەتی هێندەی تر داڕنن و هیچی تێدا نەهێڵنەوە کە مانا بە بوونی مرۆڤ ببەخشێت.

## ڕێــڕەوی بـــاس:

«مرۆڤی سەگی» ئایا خۆشەویستییە بۆ سێکس یان نەریتێکی شەیتانییە؟

ئەوەی لەم نووسینەدا دەیخوێنیتەوە شتێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو ڕاستییەکە لە هەندێك وڵات هەیە کە زۆر کەس نایزانن و ڕەنگە شۆك بن کاتێك گوێیان لە زاراوەی «مرۆڤی سەگی» دەبێت....

ڕاپۆرتە هەواڵییەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە زۆربەی ئەوانەی چوونەتە پاڵ ئەم دیاردەیە ئەو کەسانەن کە لە منداڵیدا تووشی گرفت بوون، چی گێچەڵکردن بێت یان نەبوونی متمانە بەخۆبوون بێت، بۆ گەڕان بە دوای ژیانێکی نوێدا کە سەرنج دەخاتە سەر ملکەچی، و لە کۆتاییدا بە شێوازی سەگەکان دەژیێن، ئەم دیاردەیە چەند ساڵێك پێش ئێستا دەستی بە بڵاو بوونەوە کرد.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئەم دیاردەیەدا تێوەگلاون لە زیادبوونە، ئەوەش بە هۆی ئاڵوگۆڕی کەلتوورەکان بەشێوەیەکی زۆر گەورە، گـرنگ نییـە قەبارەی خـراپییەکە چـەندە، هـەر ئەوەندەیـە چـەند

گرووپێکی زۆر هەیە تەنها لاسایی دەکەنەوە، بۆیە ڕەنگە لە داهاتوودا بە شتێکی ئاسایی ببینین.

لەم دیاردەیەدا ئەم پیاوانە هەوڵ دەدەن دوو ژیان لە یەك کاتدا بژێن، لە نێوان ژیانی ئاسایی خۆیاندا لەگەڵ ژیانی پاش گەڕانەوەیان لە کار بە شێوەی سەگ بۆ چێژ وەرگرتن لەو سوکایەتییەی کە لە کاتی ڕاهێنانی ئەم دیاردانەدا هەستی پێ دەکەن.

دوای زیادبوونی ژمارەکان بەم شێوەیە بوونیان بووە بابەتێکی ڕاستی کە بووە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی هەندێك لە دووکانەکانی وڵاتانی ئەورووپا پێداویستییە تایبەتەکانی بە ئەوان بفرۆشن، و بوونی ڕاهێنەر بۆیان کە ژیانی وەکو سەگیان بۆ دابین دەکەن، و کارەکە هەر تا ئەم ڕادەیە نەوەستاوە، بەڵکو گەیشتوونەتە پێشبڕکێی وەڕین، و پێشبڕکێی ئەورووپی لەسەر ئاستی کیشوەری کە لەژێر ناوی مستەر ئەورووپادا دەبێت بۆ باشترین مرۆڤی سەگی...[١]

-------------------------
(١) https://www.sawtbeirut.com/

## مرۆڤی سەگی ئەورووپا دەگرێتەوە!

هەرچەندە خودای گەورە ڕێزی بۆ مرۆڤ داناوە و لە هەموو شتێکدا لە ئاژەڵی جیا کردووەتەوە کە یەکەمیان عەقڵە، هەندێك لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان لاسایی ئاژەڵەکان دەکەنەوە و دەیانەوێت ژیانی سەگەکان بژین، تەنانەت بە مرۆڤی سەگی پۆلێن کران، ئیتر ئەوان کێن و سروشتی ژیانیان چییە؟

دیاردەی «مرۆڤی سەگی» ئاماژە بە کۆمەڵێك کەس دەکات کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە خۆیان بۆ بەخێوکردن وەك ئاژەڵی ماڵی پێشکەش دەکەن بەرانبەر بڕە پارەیەکی زۆر، کە وەکو سەگەکان مامەڵە دەکەن و لەسەر «چوار پەل» ڕێ دەکەن و جلوبەرگی هاوشێوەی سەگ دەپۆشن و هەروەها خواردنی سەگیش دەخۆن.




## سەرەتای دیاردەکە:

ســـەرەتای ئەم دیاردەیە لە بەریتانیـــا بوو لە مـــاوەی دەیەی نەوەدەکانی ڕابردوودا، بەڵام لە دەیەی ڕابردوودا فراوان بوو، کە ژمارەی مرۆڤە سەگییەکان بە تەنها لە بەریتانیا زیاتر لە دە هەزار کەس دەخەمڵێندرێت، لە کاتێکدا ژمارەیان دەگاتە دەیان هەزار کەس لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا.



دیاردەکە سەرەتا سنووردار بوو لەسەر ئەو کەسانەی کە لە ناو ماڵەکانیاندا جلی وەکو سەگ دەپۆشن و هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام وردە وردە دیاردەکە دەستی کرد بە هاتنە دەرەوە بەرەو ئاشکرا بوون و خەڵك زۆر جار لەسەر شەقامەکان دەبینرێن کە پیاوان لەسەر

هەر چوار پەلیان دەڕۆن و کەسێك ڕایاندەکێشێت و وەکو سەگەکان هەڵسوکەوت دەکەن.



## خێرایی بڵاو بوونەوە:

ئەم دیاردەیە بە خێرایی لە وڵاتانی وەك (کەنەدا و ئەمریکا و ئوســترالیا)دا بڵاوبووەتەوە و زۆربەی مــرۆڤــە سەگییەکان ڕۆڵی سەگەکان بۆ مەبەستی «سێکسی» یان بۆ «پارە» دەگێڕن، و کە بەشێکی زۆریان لە خێزانە دەوڵەمەندەکانن.

لە ئەورووپا ئەو دوکانانە بڵاوبووەتەوە کە جلی «سەگ و سەر و کلکی سەگ» دەفرۆشن کە مرۆڤە سەگییەکان بەکاریان دێنن.




هەروەها درووستکردنی ئامرازە تایبەتەکانی مرۆڤی سەگی پەرەی سەندووە، کە سەری سەگەکان بە ئامێرێك داهێنراون بۆ جوڵاندنی گوێکان و ئەوانی تر بۆ جوڵاندنی کلك، بەشێوەیەك مرۆڤە سەگییەکان دەبینرێن گوێیەکانیان دەلەرزێننەوە، وەك ئەوەی سەگی ڕاستەقینە بن، لەگەڵ قەفەزەی تایبەت بە سەگ دانراوە کە مرۆڤە سەگییەکان لە ناوی دەخەون، و پڕن لەو یارییانەی بۆ سەرقاڵکردنی سەگ بەکاردێن، وەك ئێسکی دەستکرد، بوکەڵە، لق و دار بۆ گازلێدانی سەگەکان.




دەوترێت کە ئەم دیاردەیە سەرەتا بڵاوبووەتەوە بە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە لە تەمەنی بچووکی ڕووبەڕووی گێچەڵی و توندوتیژی بوونەتەوە و ترس و بێمتمانەییان تێیاندا ڕوواندووە، بۆیە بۆیان دەرکەوتووە کە ژیانی سەگەکان گونجاوترینە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەروونناسان پێی دەڵێن «ڕووبەری سەری سەگ»، بەڵام کۆمەڵێکی تر هۆکاری ئەم دیاردەیەیان گەڕانەوە بۆ مەبەستی سێکسی یان لە پێناو پارە.

کە ئەو بڕەی هەر مرۆڤێکی سەگی دەستی دەکەوێت دەگاتە ٧٠ هەزار دۆلار.

## ناتەواویی کەسایەتی:

پزیشکەکانی زانکۆی لەندەن ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەو تاکانە تووشی «نارێکی کەسایەتی خۆ دوورکەر» بوونە، و لە نیشانەکانی: دڵەڕاوکێ و دامرکاندنی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و کەمتەرخەمی، هەستیارییەکی زۆر بەرانبەر بۆچوونە نەرێنییەکانی کەسانی تر، گۆشەگیری، و تەنیایی، و هەروەها هەست دەکەن لەلایەن کەسانی ترەوە پێشوازییان لێ ناکرێت (واتا کەسانی تر حەزیان پێیان نییە).

ئەگەری تووشبوون بە ئەم تێکچوونە زیاد دەکات کاتێك هەستە سۆزدارییەکانی منداڵان پشتگوێ دەخرێن و لە کاتی ڕەتکردنەوەی کۆمەڵە هاوتەمەنییەکان -واتا ئەو کەسانەی هاوتەمەنی منداڵەکەن- بۆ نموونە وەکو چەوسێنەران.[١]



---

(١) https://www.vetogate.com/


# چەند وێنەیەکی مرۆڤی سەگی














KING




University
thinktank






OUR CONDOM
NO ENTRY






MR
PUPPY
UK
2020

















## ڕۆژئاوا خەریکی چییە؟

### ١- ڕۆژئاوا خەریکی ڕیسواکردنی عەقڵە:

لە ڕۆژئاوادا کار لەسەر ئەوە دەکەن: کەس خاوەنی عەقڵی خۆی نەبێت و بیرکردنەوە لە مێشکی تاکەکان دەربهێنن، لە بەرانبەردا عەقڵ و بیرکردنەوە بخەنە دەستی چەند کەسانێکی دیارکراو و وەکو کەسانێکی گەورە و نزیك لە خودا نیشانیان بدەن.

ڕیسواکردنی عەقڵ بۆتە مۆدێل و کاری زۆری لەسەر دەکرێت و لەم کارەیان تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بوون، ئەوەتا لە کۆمەڵگەی خۆیان تاکەکان بەشێکیان دەبنە: (سەگ، کەر، مەیمون، و...هتر)، بەشێکی تریان هاوسەرگیری دەکەن لەگەڵ ئاژەڵ و چەندین شتی بێگیان و سەیر و سەمەرە، ئەمە گەر ئەوپەڕی ڕیسوایی و خۆ گێل کردن نەبێت ئەی دەبێت چی بێت!؟

لە دەرەوەی ڕۆژئاواش کاریان کردووە لەسەر بێدینکردن و ڕیسواکردنی عەقڵی خەڵکانی تر بەگشتی و موسڵمانان بە تایبەتی، ئەم کارکردنەشیان بەرهەمی هەبووە و خەڵکێکی زۆر دوایان کەوتوون و عەقڵیان داوەتە دەست ڕۆژئاوا و بیرناکەنەوە و عەقڵیان لە ژێردەستی خۆیان نەهێشتووە، بەداخەوە.

مرۆڤی ڕاستەقینە بە تایبەت موسڵمان دەبێت عەقڵ و بیرکردنەوەی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت چونکە خوای گەورە بۆ هەر مرۆڤێك عەقڵی داوە تا بەکاریبهێنێت و لێکدانەوە بۆ دەورووبەر بکات و ڕاستی و چەواشەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە تا توشی هەڵە و تاوان و لادان نەبێت.

«ڕێز لە بوون و نیعمەتی عەقڵت بگرە، چونکە یەکلاکەرەوەی ژیانێکی ڕاستەقینە و مرۆڤبوونتە لە دونیا و دواڕۆژ».

### ٢- ڕۆژئاوا خەریکی ڕیسواکردنی دادپەروەرییە:

ڕۆژئاوا گەورەترین پڕوپاگەندەی بریتییە لە بەرپاکردن و بڵاوکردنەوەی دادپەروەری، بەڵام کە سەیری کردارەکانیان دەکەیت جگە لە شەڕ فرۆشتن و کوشتن و ڕیسواکردنی مرۆڤ و ڕیسواکردنی دادپەروەری هیچی تر نابینیت.

### ٣- ڕۆژئاوا خەریکی ڕیسواکردنی سۆز و بەزەییە:

ڕۆژئاوا نیشانی دەدات بەرانبەر ئاژەڵێك نەرم و نیانن و لەسەر شەقامەکانەوە هەڵی دەگرنەوە و چارەسەری نەخۆشی و برسێتییەکەی دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە بە جیهاندا و دەڵێن ئەها ئەوە ڕەوشت و دادپەروەری ئێمەیە، لە بەرانبەردا ڕۆژانە بە سەدان

و هەزاران خەڵکی دەکوژن و خێروبێری وڵاتەکان دەدزن و ئەوەی دەمێنێتەوە لە ژیان ڕیسوای دەکەن، کەس دەنگی لێوە نایەت و ناڕەزایی دەرنابڕێت و باسی دادپەروەری ناکات.

ئا ئەمەیە ڕیسواکردنی سۆز و بەزەیی و چەواشەکردنی مرۆڤ.

**٤- ڕۆژئاوا خەریکی تێپەڕاندنی چاکە و خراپەیە:**

لە ڕۆژئاوا کار کراوە لەسەر جیانەکردنەوەی چاکە و خراپە، بەو مانایەی کە چاکە و خراپە بوونی نەبێت، چیت پێخۆشە ئەوە بکە و گوێ بە هیچ مەدە، بەمەش ئەخلاقێکی مێگەلی سەپێنراوە بەسەر کۆمەڵگە.

کاتێك چاکە و خراپە یەکسان بوون ئەو کاتە ژیانی مرۆڤەکان زیاتر و باشتر نابێت لە ژیانی ئاژەڵەکان، ئەوەتا بابەتی ئێمەش لەسەر بوونی مرۆڤی سەگییە کە ڕۆژانە ژمارەیان لە زیادبووندایە.

**٥- ڕۆژئاوا خەریکی بە کۆیلەکردنی خەڵکییە:**

مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگە لە ئاست ئەم بە کۆیلەکردن و کردنە سەگەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤە خاوەن سەرمایەکان و لووت بەرز و ئارەزوو پەرستەکانەوە، ئەوانەشی کە دەبنە سەگ و وەکو سەگ مامەڵە دەکەن لە پێناو پەیداکردنی بڕێك پارە ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

لەئیسلامدا هەموو ڕێگەکانی بە کۆیلەکردن قەدەغەیە، ئەوەی هەڵسێت بە ئەم کارە تاوانبارە و سزا دەدرێت لە لای خودای گەورە، وە دەسەڵاتداری ئیسلامی ئەم کەسە ئازاد دەکات بە زۆر کرابێتە کۆیلە وە ئەوەی کە بە زۆر کردوویەتی بە کۆیلە سزایەکی توند دەدرێت، چونکە هەوڵی داوە کارێك بکات لە کاتێکدا پەروەردگار قەدەغەی کردووە.

پێشەوا «بوخاری» و «مسلم» لەکتێبی «البیع» لە سەحیحەکانیان بابێکیان تایبەت داناوە بە ناوی (باب إثم من باع حرا- بڕگەی گوناهی فرۆشتنی کەسێکی ئازاد)، ئەم فەرموودەیەیان هێناوە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت لە فەرموودەیەکی قودسی کە لە خودای گەورەوە دەگێڕێتەوە، خودای گەورە دەفەرموێت: (ثَلاَثَةٌ أَنَا خَصْمُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ،... رَجُلٌ بَاعَ حُرًّا فَأَكَلَ ثَمَنَهُ).

واتە: (سێ کەس من لە ڕۆژی دوایی لە دژیانم،....یەکێك لەوانە کەسێك ئازادێك بفرۆشێت و پاشان پارەکەی بخوات).

گەر سەیری ئەم جیهانە بکەین دەبینین سەدەیەکە ئیسلام حوکم ناکات لە هیچ شوێنێك کە چی کۆیلایەتی هەر ماوە و بگرە بە شێوەیەکی زۆر خراپ و بێهەستانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن، بۆیە هەرچەندە یاسایەکی جیهانی دەرکراوە کە دیل ناکرێت بە کۆیلە، بەڵام ئەم قسانە تەنها مەرەکەبی سەر پەڕەکانن و بە هیچ شێوەیەك ڕۆژئاوا ئەم یاسایە جێبەجێ ناکات و گوێی پێنادەن، ئەمەش جگە لە دووڕوویەکی ناپاك هیچی تر نییە.

بەڵێ، ئیسلام بە چەندین شێواز هەوڵیداوە خەڵکی لە کۆیلایەتی ڕزگار بکات و سەنگ و کەسایەتی پێببەخشێت، نموونەی باڵاشمان بیلالی کوڕی ڕەباحە، بیلالی ڕەشپێستی کۆیلە لە ڕێگەی ئیمان هێنانەوە بوو بە یەکەم بانگبێژی ئیسلام و پلەو پایەی ئاسمانەکانی بڕی و دەنگی پێیەکانی لە بەهەشت دەنگی دەدایەوە و بە درێژایی مێژووش موسڵمانان ناوی منداڵەکانیان ناوە بیلال، ئا ئەوەیە ئیسلام بە بێ جیاوازی ڕەنگ و لاشە و ڕەگەز و کوڕی فڵان، پلە و پایەی بەرز و سەرفرازیت پێدەبەخشێت.

**٦- ڕۆژئاوا خەریکی خۆبەگەورە زانینییە:**

کوشندەترین دەرد بە درێژایی مێژوو بریتییە لە خۆبەگەورە زانین.

هۆکارەکانی خۆ بە گەورە زانین :

چەندین هۆکار هەیە کە وەها لە مرۆڤ دەکات تووشی تەکەبوور و لەخۆبایبوون بێت، سەرەکیترینیان بریتییە لە:

**یەکەم:** پارە و سەروەت و سامان: کەسانێك بە هۆی پارەوە بە هۆی دەوڵەمەندییەوە، بە هۆی سەروەت و سامانەوە تووشی تەکەبوور دەبن ئیلا کەسانێك مەگەر خوای گەورە ڕەحمی پێیان کردبێت، بەڕاستی خوای گەورە بناسن و پارە و سەروەت و سامان وایان لێ نەکات لەخۆبایی بن، ئەگینا زۆرێك لەو کەسانەی دەوڵەمەندن سەروەت و سامانیان هەیە بە هۆی ئەو سەروەت و سامانەوە تووشی

خۆبەگەورەزانین بوونە و فەخر و شانازی بەسەر خەڵکدا دەکەن بە هۆی دەوڵەمەندی و پارە زۆریان.

نموونەی ئەمە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە: ﴿ إِنَّ قارُونَ كانَ مِنْ قَوْمِ مُوسى فَبَغى عَلَيْهِمْ وَآتَيْناهُ مِنَ الْكُنُوزِ ما إِنَّ مَفاتِحَهُ لَتَنُوأُ بِالْعُصْبَةِ أُولِي الْقُوَّةِ ﴾[١]

واتە: (بێگومان قاروون لە گەلەکەی مووسا بوو -جوولەکە بوو- بەڵام دەستدرێژی و ستەمی لێ دەکردن، ئەوەندەمان گەنجینە -ئاڵتون و زیوو- پێدا بوو کە بێگومان -هەڵگرتنی- کلیلەکانی -ئەو گەنجینە و قاسانە- بە زەحمەت هەڵدەگیرا بە کۆمەڵێکی بەهێز)

هەر کلیلی خەزێنەکانی بە چەند بار هەڵنەدەگیرا تەنها کلیلەکانی، جا دەبێت خەزێنەکانی چەندێك بوو بێت، و چەندێك زێڕ و زیو و سەروەت و سامانی هەبوو بێت، کە بەهۆی ئەو پارەیەوە لە خۆی بایی بوو، فەخر و شانازی بەسەر خەڵکیدا دەکرد تا هەبوو لە موسڵمانان سەرسام بوون، خەریك بوو بخەڵەتێن بەو دەوڵەمەندییەی قارونەوە، هەتا خوای گەورە کە بە ناخی زەویدا بردیە خوارەوە ئەو کاتە پەشیمان بوونەوە کەوا بە سەروەت و سامان لە خۆبای نەبن.

بۆیە ئەوانەی بە هۆی سامان و پارەوە توشی خۆبەگەورەزانین دەبن بێگومان سزای توند چاوەڕێیانە، چونکە ئارەزوو و ویستەکانیان

---

(١) القصص ٧٦

پێش مرۆڤ بوونیان دەخەن و دەست بۆ هەموو کردەوەیەکی ناپەسەند و نابەجێ درێژ دەکەن.

**دووەم:** پلەوپایە و دەسەڵات : شانازیکردن بە پلە و پایە و پۆست سیفەتی فیرعەون ئاساکانە، چونکە فیرعەون دەیوت: ﴿فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ﴾[١]. واتـــــە: (من خوای هەرە بەرزی ئێوەم)، ئەمەش بە هۆی دەسەڵاتەکەیەوە ئەم قسەیەی دەکرد. زۆرن ئەوانەی لە دەسەڵاتن و هەموو کارێك دەکەن بۆ مانەوەیان و لە سەرەوە جوان نیشان دەدەن و لە ژێرەوەش گەنیون و جگە لە پیسی و پیسکردنی دەورووبەر هیچی تریان لە هەگبەدا نییە.

(لە ڕۆژئاوادا... سادەیی و خاکیبوون، بوونی زۆر کەمە
ئەوەی نیشاندەدرێت لە بەردەم کامێراکان، تەنها بۆ چەواشە و خۆ دەرخستنە و هیچیتر).

---

(١) النازعات:٢٤

### ٧- ڕۆژئاوا خەریکی خۆ جوان نیشاندانە:

ڕۆژئاوا هەرچی توانا و هێزیان هەیە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە دەردەخەن بۆ چەواشەکردنی خەڵکی دەرەوە و موسڵمانان بە تایبەتی و خۆیان بە جوانترین و پاکترین شێوە نمایش دەکەن، ئەوان نیشانی دەدەن وڵاتانی موسڵمانان پڕیەتی لە کێشە و دەردەسەری و خەم و نەبوونی ژیانێکی نا شایستە و کوشتن، لە بەرانبەردا ڕۆژئاوا پڕیەتی لە ئارامی و جوانی و مافی یەکسانی و ژیانێکی ئاسوودەبەخش و شایستە، ئەمەش لە پێناو ئەوەی موسڵمانی ساویلکە و کەمزان ڕووبکەنە وڵاتە ئەورووپییەکان بۆ ژیانێکی ئارام و دوور لە کێشە.

بەڵام لەڕاستیدا وا نییە، کاتێك ڕوو لەوڵاتەکانیان دەکەیت وەك پەنابەر، هیچ ڕێزێك و سەنگێك بوونی نییە جگە لە سووکایەتی، برایەك بۆی باسکردم لە یەکێك لەو وڵاتانە دەستگیر کراین کە ڕوومان تێکردبوو، ژیان و گوزەران و خواردنمان زۆر خراپ بوو، هەرجارێك داوای خواردنەوەی ئاومان بکردایە دەستیان بۆ سەرئاو(wc) درێژدەکرد، دەیانگوت ئەوەتا ئاو لەوێیە بڕۆن بیخۆن!

ئەوە ژیانی بەشێکی کۆچبەرانە، بەشێکی تر گەر خزم و دۆستی هەبێت کەمێك باشترە حاڵی، بەشێکی تر کە ئەوەیان زۆر مەترسیدارە ئەوەیانە کە لە ئەورووپا دەبنە هاوڕەگەزباز و هاوڕەگەزخواز، بە کورتی و کوردی دەیانەوێت پیاوان و گەنجانی ئیسلام پەلکێشی ئەورووپا بکەن تا ببنە هاوسەری پیاوانی ئەورووپی و ببنە سەگی

ئەورووپا، یان دینیان بگۆڕن یان ژیانێکی زەحمەت و پڕ لە ماندوێتی لاشە و دەروون هەڵبژێرن کە پەروەردە و ژیانی منداڵ و خێزانی خۆی لە ژێر دەسەڵاتی پیاو نەبێت.

### ٨- ئەوڕووپا خەریکی تێکدانی دەروونەکانە:

مرۆڤ کاتێك دینێکی ئاسمانی ڕاست و دروستی نەبوو، لە ناو دینە دەستکرد و دەستکاری کراوەکاندا سەرگەردان و نائارام و وێڵ دەبێت، دەروونی نائارام و ناجێگیر دەبێت تا ڕادەی تێکچوون، چاکە و خراپە تێکەڵ دەکات، گومان لە مرۆڤبوونی دەکات و دەست بۆ کاری ناڕەوا و دوور لە مرۆڤایەتی دەبات.

ئەوەتا ڕۆژئاوا بە هۆی نەبوونی مەنهەجێکی دروست و ڕاست و پاك، سەرگەردانە، هەرچی دەکات ناتوانێ ئارەزوو و حەز کۆنترۆڵ بکات و سنوور دابنێت و بەهای مرۆڤایەتییان بپارێزێت، بۆیە دەبینین هەر ماوەیەك دەرد و پیسییەك یەخەیان دەگرێت و هاوڵاتییەکانیان بەشێوازێك خۆیان نیشاندەدەن، ئەوانیش ناچار دەبن یاسایان بۆ دەربکەن و ڕێگەیان پێناگیرێت گەر هەرچی بیانەوێت بیکەن دەیکەن، ئەمەش خێزان و مرۆڤایەتی لە ڕۆژئاوادا لەکەدار کردووە و هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤبوون نەهێشتۆتەوە.

ڕۆژئاوا هێندە گرنگی بە بیردۆزی پەرەسەندن (evolution) دەدات کە دەڵێت مرۆڤ سەرەتا شێوازی تر بووە و دواتر لە شێوازی مەیموونەوە گۆڕاوە بۆ مرۆڤ، بۆیە ئێستا باجی گەورەی

ئەو بیرکردنەوانە دەدات، بەوەی بەشێك لە هاوڵاتییانی دەبنە «کەر، سەگ، یان هەر جۆرە ئاژەڵێکی تر».

ئێمە پێویستە سوپاسگوزاربین کە موسڵمانین و پەروەردگار خۆی بۆی ڕوون کردووینەتەوە کە مرۆڤ چییە و کێیە و ئەرکی چییە و چۆن دروستی کردووە و پلە و پایەی پێ بەخشیوە، تا ڕێز لە خۆی بگرێت و هەڵسێت بەو ئەرکە سەرەکی و گرنگانەی کە لەسەریەتی و دوور بکەوێتەوە لە هەر کارێکی تری نامرۆڤانە و ئاژەڵییانەی کە بێدین و کەمزانەکان ئەنجامی دەدەن.

### ٩- ڕۆژئاوا خەریکی (شەهوەت) پەرستییە:

شەهوەت بووەتە خووی بەردەوام و پەرستشی ڕۆژئاوا، کە ڕۆژئاوا بۆ تێرکردنی شەهوەت دەکەونە سەر چۆك و بۆشی دەچەمێنەوە ئەمەش لە شێوازەکانی ئەنجامدانی سێکسی نیشانی جیهان دەدرێت.

---

«مرۆڤی دروست، هێندە باڵا و شایستەیە و بە ئەندازەیەك ڕێز بۆ خۆی دادەنێت، لە هیچ ئاڵەنگارییەك ناسڵەمێتەوە بۆ چەشتنی ئەوپەڕی چێژی دونیایی لە ڕووی چێژی سێکسی و ماددییەکان»

---

### ١٠- ڕۆژئاوا خەریکی کۆکردنەوەی پارە و سامانە:

پارە و سامان هەموو شتێکی ڕۆژئاوایە، چونکە ڕۆژئاوا دونیایان هەڵبژاردووە بەسەر ڕۆژی دواییدا، بۆیە هەموو توانایان لە کۆکردنەوەی پارە سەرف دەکەن ئەمەش بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم بەدەستهێنانەوە ژیانێك دروست بکەن لەسەر ڕووی زەوی کە تایبەت و نزیك بێت لە ژیانێکی شاهانەیی و پڕ لە ئەنجامدانی سێکس و تێرکردنی هەموو شێوازەکانی ئارەزوو.

بێگومان هەرچەند سامان و پارە بە دەست بخەن حەز و ئارەزووەکانیان لە کەسێك و دوو و سێیان تەواو نابێت، بەڵکو هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت و هیچ شێوازێکی حەز نامێنێت تاقی نەکاتەوە و دواتر بێزار دەبێت و بەشێك لەوانە بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە و بەشێکیش خراپتر لە ئاژەڵ کۆتایی بە ژیانیان دێت.

ئەم خاڵانە بەشێکن لە کردەوەکانی ڕۆژئاوا ئێمە باسمان کرد، چەندینی تر هەن ئاماژەمان پێیان نەداوە و بۆ ئێوەمان جێهێشتووە.

## مافی مرۆڤ

جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٥، لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا، دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا هەندێك لە هەڵسوڕێنەران و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ پێیان وایە دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا، نە تەنیا باشتر نەبووە، بەڵکو لە هەندێك ڕووەوە خراپتر بووە.

گەر کار بە جاڕنامەی مافی مرۆڤ کرابا دەبوو پێش هەموو شتێك مانای مرۆڤ لە مرۆڤ بگەیەنێت، و بە مرۆڤ ڕابگەیەنێت کە دروستکراوێکە و ناکرێت دژایەتی خۆی و جەستەی بکات و کڕین و فرۆشتن بە جەستەی بکات، دەبوو پارێزگاری لە بوونی لە سروشتی خۆی بکات نەوەك لە ئاست کڕین و فرۆشتنی منداڵ و بە کاڵا کردنی ئافرەت و دەستدرێژییەکانی وڵاتانی زلهێز بۆ سەر بێهێزەکان وەڵامی هەبێت و بەرگری بکات، بەڵام ئەوەتا زاری لاڵ بووە و چاوی نابینا بووە لە ئاست ئەم هەموو پێشێلکاری و کوشت و سووکایەتیکردن و کردنە کاڵایەی منداڵ و ئافرەتان.

ئەم بابەتە «سەگی مرۆڤی»، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ بێدەنگی و بێخەمی و کەمزانی و بێسەروبەری جاڕنامەی مافی مرۆڤ، بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین جاڕنامەی مافی مرۆڤ جگە لە نووسراوی

سەر چەند لاپەڕەیەك بۆ چەواشەی دانیشتوانی جیهان هیچی تر نییە و بابەتێکی شکستخواردووی کەسە شکستخواردووەکانە، هەروەها بۆ خۆسەپاندنی زلهێزەکانە بەسەر بێهێزەکان و ڕەت کردنەوەی ئایین و سەپاندنی دەسەڵاتی مرۆڤە بەسەر هێزی ئایینی ئاسمانی بە تایبەت ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

بۆیە موسڵمانان دەبێت وریاتر و زاناتر بن و بە سانایی نەکەونە ژێر کاریگەری وتەکانی ڕۆژئاوا، چونکە ئەوان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە وتەی باوەڕپێکەر و بەهێز بەکاردێنن، گەر مرۆڤ عاتفی بێت بە ئاسانی باوەڕیان پێ دەکات و بە گەورەیی لێیان دەڕوانێت و شایەتی چاکیان بۆ دەدات، بێئاگا لەوەی کە جگە لە ئایینەکەی خۆی هیچ شتێك شایستەی ڕێز و گەورە سەیرکردن نییە و هیچ شتێك ئەو مافە نادات، بەڵکو ئەوەی ڕۆژئاوا جگە لە ماف سەندن و زەوتکردن و ڕۆح و دیـــــن و ڕەوشـــــت بـــردن و گەنیوکردنی عـەقڵی خـەڵکی هـــیچی تر نییە.

(گەر مافی مرۆڤی ڕاستەقینە بوونی هەبوایە، هیچ کاتێك مرۆڤەکان لە پێناو پارە و پۆست و سێکس نەدەبوون بە سەگ)




ئەوانەی کەباسمان کرد ڕێز و مافی ڕۆژئاوایە کە بە مرۆڤایەتی داوە، با بزانین لە ئیسلامدا خوای پەروەردگار چۆن ڕێزی لە مرۆڤ ناوە، بە کورتی باسی دەکەین.

## خودای گەورە ڕێزی بۆ مرۆڤ داناوە

خوای گەورە ڕێزی زۆری لە مرۆڤ ناوە هەروەکو دەفەرموویێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾[1] واتە: (بە دڵنیایی ئێمە ڕێزمان لە مرۆڤ ناوە لە شێوەی دروستکردن و پێدانی عەقڵ و ناردنی پێغەمبەران بۆیان، وە لە وشکانی و دەریادا هەڵمان گرتوون، لە وشکانی لەسەر ئاژەڵ و هەڵگرەکانی تر، وە لە دەریایشدا لەناو کەشتیدا، وە جۆرەها خواردنی بە تام و چێژ و باشمان پێ بەخشیوون، وە فەزڵمان داون بەسەر زۆرێك لە دروستکراوەکان کە دروستمان کردوون -ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر فەزڵی مرۆڤی خواپەرست بەسەر مەلائیکەتدا).

لە دیدی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، مرۆڤ خاوەن ڕۆحێکی زۆر مەزن و گرنگە، زۆر بە ڕێز و بە حورمەتە، چونکە:

**یەکەم:** خوای بەتوانای باڵادەست بۆ خۆی بەدیهێناوە و کردوویەتی بە جێنشین: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾[2]

---

(١) الإسراء: ٧٠

(٢) البقرە: ٣٠

واتە: (بیریان بێنەوە کاتێك کە پەروەردگاری تۆ بە فریشتەکانی فەرموو بەڕاستی من جێنشینێك لەسەر زەوی دروست دەکەم).

وە نەوە دوای نەوە مرۆڤایەتی بە دوای یەکدا دێنێت بۆ پیادەکردنی دادگەری و دابینکردنی ئاسایش.

**دووەم:** ئەرکی مرۆڤ بریتییە لە کاروباری زەویی و ئاوەدانکردنەوەی ڕووی زەویی لە ڕووی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و کشتوکاڵ و باخداریی و ئاژەڵداریی، بگرە سەرجەم پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤی خستۆتە سەر شانی ئەو، بۆیە لە سوورەتی (هوود) دا دەفەرمووێت: ﴿هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾[١] واتە: (هەر خوایەیە کە ئێوەی لە زەوی دروست کردووە، وە وای لێکردوون کە سەر زەوی ئاوەدان بکەنەوە).

**سێیەم:** بە دەستی خۆی مرۆڤی دروستکردووە، وەك دەفەرمووێت: ﴿قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَنْ تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنْتَ مِنَ الْعَالِينَ﴾[٢] واتە: (خوای گەورە فەرمووی: ئەی ئیبلیس چی ڕێگری لێکردیت کە سوجدە نەبەی بۆ ئەو ئادەمەی کە بە هەردوو دەستی خۆم دروستم کرد، ئەی ئیبلیس ئایا خۆت بە گەورە زانی و لووتبەرز بووی یان خۆت بە بەرز و بڵند زانی).

---

(١) (هود: ٦١)

(٢) (ص: ٧٥).

**چوارەم:** خوا بۆ خۆی ناوی هەموو شتێکی فێر کرد: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا﴾[١] واتە: (خوای گەورە ناوی هەموو شتەکانی فێری ئادەم کرد).

ڕۆژئاوا دەڵێن مرۆڤ خۆی فێری قسە بووە و کەس فێری نەکردووە، ئەمەش پێچەوانەی قسەی پەروەردگاری مەزنە و دەرچوونە لە سنوور، کە بەشێکی موسڵمانان باوەڕیان کردووە بەو قسانە و وەکو مەنهەج وەریانگرتووە.

**پێنجەم:** پاکترین جۆری درووستکراوەکانی خوا کە (فریشتە)یە، سوژدەی ڕێز و حورمەتیان بۆ برد: ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾[٢] واتە: (پەروەردگار ئەمری کرد بە فریشتەکان کە کڕنۆشی ڕێز و ئیحترام بۆ ئادەم بەرن کە لە شەریعەتی ئێمەدا سوجدە بردن بۆ غەیری خوا حەرام کراوە و ئەم حاڵەتە تایبەت بووە بەو کاتەوە، هەموویان سوجدەیان بۆ برد تەنها ئیبلیس نەبێت کە لە کۆمەڵەی جن بوو، بەڵام زۆر خواپەرست و چاکەکار بوو لەناو مەلائیکەتەکاندا بوو ئەم سوجدەی نەبرد و ڕەتی کردەوە و خۆی بە گەورە زانی و وتی من لەو باشترم من لە ئاگر دروستکراوم و ئەو لە قوڕ، بێگومان لە زانیاری خوای گەورە هەبوو کە ئەمە کافر دەردەچێت، وە کافر بوو).

---

(١) (البقرة: ٣١)

(٢) (البقرة: ٣٤)

**شەشەم:** مرۆڤی وای دروستکردووە بتوانێت (خێر) و (شەڕ) لێك جیا بکاتەوە و یەکێکیان بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێت، وەکو دەفەرموویێت: ﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾[(١)] واتە: (ئێمە هەردوو ڕێگەی خێر و شەڕمان بۆ مرۆڤ ڕوون کردووەتەوە و پێی ناساندووە، ئیتر بە ویستی خۆی یان ئەوەتا شوکرانە بژێری خوای گەورە دەکات، یان ئەوەتا کوفرانەی خوای گەورە دەکات و سەرپشکە و توانای هەیە).

کەواتە هیچ کەس نییە نەزانێت و نەتوانێت شەڕ و خێر لەیەکتر جیابکاتەوە، چونکە لە فیترەتی هەموو مرۆڤایەتی ئەو جیاکارییە لە ناخی بونیاد نراوە.

**حەوتەم:** لە ڕووی جێ و ڕێی حەوانەوە مرۆڤی بۆ بەهەشت دروستکردووە، وەك دەفەرموویێت: ﴿وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ﴾[(٢)] واتە: (ئەی ئادەم خۆت و حەوای خێزانت نیشتەجێ بن لە بەهەشتدا).

کەواتە مرۆڤی بۆ ئەوە دروست نەکردووە تا خۆیان بە ئاژەڵ هەژمار بکەن و وەك ئاژەڵ ژیان بکەن و ڕەفتار و خواردنیان وەکو ئاژەڵ بێت، چونکە ئەم لادانانە مرۆڤ لە بەهەشت دوور دەخاتەوە و دەیکاتە بەشێك لە دانیشتوانی دۆزەخ.

---

(١) (الإنسان: ٣).

(٢) (البقره: ٣٥).

مرۆڤ لە دیدی ئیسلامدا پڕیەتی لە پاکی و بەرزی و جوانی و ڕێز، مرۆڤ ئەوەیە کە باسمان کرد ڕاستەوخۆ و بە تایبەت لە لایەن خوای پەروەردگارەوە دروستکراوە، نەك وەکو مولحید و خوانەناسەکان کە پێیان وایە مەیموونزادەیە!

ئەگەر مــافــی مــرۆڤ ساڵی (١٩٤٨) لە لایــەن نەتــەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکرابێت و ڕاگەیەنرابێ‌ت،خۆ پێغەمبەری ئیســلام موحەممــەد (ﷺ) بەر لە (١٤٤٥) ساڵ، مافی مرۆڤی ڕاگەیاندووە و فەرموویەتی: (کل المسلم علی المسلم حرام: دمه، وماله، وعرضه)[1] واتە: (هەموو شتێکی موسڵمان لەسەر برا موسڵمانەکەی حەرامە، وەکو: خوێنی، ماڵ و سەروەت و سامان و ئابڕووی).

ڕێگەیشی پێداوە کە هەر کەسێك بیەوێت ئەو مافانەی لێ زەوت بکات، جەنگی لەگەڵ بکات، ئەگەر بگاتە کوشتنیش: (من قاتل دون ماله فهو شهید)[2] واتە: (هەر کەسێك لەسەر پارێزگاریکردن لەسەر ماڵ و سامانی خۆی دەستدرێژی بکرێتە سەر و بکوژرێت، ئەوا شەهیدە).

ئەم فەرموودەیە ئەگەرچی تایبەتە بە موسڵمانانەوە، بەڵام بێ گومان کوشتنی هەر مرۆڤێکی تری غەیرە موسڵمان بە ناهەق و خواردنی ماڵ

---

(١) (صحیح مسلم - کتاب البر والصله والاداب، باب تحریم ظلم المسلم - حدیث ٤٧٥٥).

(٢) (صحیح، صححه الالبانی فی سنن النسائی برقم: ٤٠٩١).

و سامانیی و دەستدرێژیی بۆ ناموسی، قەدەغەیە، ئەوەیە کە خوای میهرەبان دەفەرموویێت: ﴿مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا﴾[١]

واتە: (لەبەر ئەوەی کارەساتی کوشتنی ناڕەوای ئاوا ڕوو نەدات، ئێمە پێویستمان کرد لەسەر نەوەی ئیسرائیل ئەوەی کەسێك بەناحەق بکوژێت و لە جیاتی کوژراوێك نەبێت، یان گوناهـ و تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت لە زەویدا -وەکو: جەردەیی و دەستدرێژی و... هتد-، ئەوە وەك ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت). لەپێناو ئەم کوشتنەدا کە یەکەم کوشتن بوو لەسەر ڕووی زەوی ڕوویدا، وە لەبەر ئەوەی یەکەم خوێن لەناو ئەواندا ڕژا، وە ئەوان زیاتر خوێنڕێژی لەناویاندا بووە و پێغەمبەرانیان کوشتووە: لەسەر هەموو خەڵکی و بەتایبەتی بەنوئیسرائیلمان نووسی وە تەشریعمان کرد و ڕامانگەیاند کە هەر کەسێك بە ناحەق کەسێك بکوژێت کە تۆڵە سەندنەوە نەبێت و کەسێکی بە ناحەق نەکوشتبێت، یاخود فەسادی لەسەر زەوی نەنابێتەوە، واتە: شەریکی بۆ خوا دانەنابێت، یان کوفری نەکردبێت، یان ڕێگری و چەتەیی نەکرد بێت (ئەوەی ئەمانە بکات دەکوژرێت، بەڵام حاکمی موسڵمان دەیانکوژێت نەك تاکە تاکی خەڵکی)، یەك کەسێك بکوژیت وەکو ئەوە وایە کە هەموو خەڵکت کوشتبێت لە

-------------------------

(١) (المائدە: ٣٢)

تاواندا، وە ئەگەر کەسێکیش بژێنیتەوە و دەتوانی بیکوژی بەڵام لەبەر خوا لێی خۆش دەبیت، یان کەسێك ڕزگار دەکەیت لە خنکاندن و سووتاندن و تیاچوون، وەك ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەویت ژیاندبێتەوە و ڕزگار کردبێت لە ئەجر و پاداشتدا.

## مرۆڤ و ئاژەڵ جیاوازییان چییە؟

مرۆڤ و ئاژەڵ چەندین جیاوازییان لە نێواندا هەیە، بەڵام چەند خاڵێکی جیاوازی جەوهەری هەن کە شایەنی باسکردنن لەوانە:

- مرۆڤ بیردەکاتەوە و بیری ئێستا و داهاتووی هەیە و بەرنامە دادەڕێژێت، بەڵام ئاژەڵ ئەوەیان نییە ئەوەی هەیانە زاوزێ و خواردن و خەوە لەگەڵ خێزانەکانیان.

- مرۆڤ بەرپرسیارێتی لەسەرە و لە هەر هەنگاو و قسەیەك و کردارێك بەرپرسیارە، بەڵام ئاژەڵ هیچی لەسەر نییە.

- بوونی عەقڵ لە مرۆڤ و لێپرسراوێتی لە دونیا و دوارۆژ.

- بوونی دینی ئاسمانی و یەك خوا پەرستن و دوورکەوتنەوە لە هاوبەشدانان بۆ اللەی تاك و تەنها.

- لە دوای مردن مرۆڤ زیندوو دەکرێتەوە و ڕێگەی بەهەشت یان دۆزەخ دەگرێتەبەر، پاداشت و سزا وەردەگرێت.

- مرۆڤ دەبنە گەی و لیسبێن، بەڵام ئەوە لەناو ئاژەڵەکان دا نییە، جگە لە بەراز، لەم خاڵەیان ئاژەڵەکان لە مرۆڤەکان باشترە، چونکە ئەم لادانانە پیسترین جۆری داوێن پیسین کە ئاژەڵەکان بەهیچ شێوەیەك ئەنجامی نادەن.

## حوکمی لاساییکردنەوەی ئاژەڵ و دڕندەکان لە شێوازی دەنگ و جووڵەکانیان، دروستە یاخوود قەدەغەیە؟

شێخی ئیسلام «ئیبن تەیمییە» -ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت- لە (مجموع الفتاوی)[١]دا دەفەرمووێت: (خۆ چوواندن بە ئاژەڵ لە بابەتە تاوانبارکەرەکانە لە شەرعدا و نەهی لێ کراوە، لە دەنگ و کردارەکانیان و هاوشێوەکانی، بۆ نموونە وەك: دەنگی سەگ، یان دەنگی گوێدرێژ، و ئەوانە..).

ئەمەش لەم ڕووانەوە قەدەغە کراوە:

ڕووی یەکەم: ئێمە بڕیارمان داوە لەسەر ڕێگەی ڕاست بین.

بێگومان هەر کەسێك کاتێك بڕیاری ئەوە دەدات وەکو مرۆڤ و لەسەر ڕێگەی ڕاست بژێت، ئەوە دوای ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەوێت، بێگومان شەرع لاساییکردنی گاور و جوولەکە و هیندییەکان[٢] و هاوشێوەکانیان لە بابەتی تایبەتمەندییەکانیاندا[٣] قەدەغە کردووە، چونکە لاساییکردنەوە لێکچوونی ڕەوشتی دێنێتە

---

(١) سەیری لاپەڕە (٨٠) و دوای ئەوە بکە.

(٢) لەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێکی گەنج و هەرزەکاران لاسایی هیندییەکان دەکەنەوە لە ڕووی کلتووری و جەژنەکانیان وەك جەژنی ڕەنگەکان کە بەم دواییە لە هەرێمی کوردستان بە ژمارەیەکی زۆر یادی ئەم جەژن و فیستیڤاڵە کراوەتەوە.

(٣) لە ڕووی تەکنەلۆژیا و پیشەسازی نا، بەڵکو لەڕووی جەژن و کردەوەی ئایینی ئەوان.

ئاراوە، واتە لاساییکردنەوەی هەموو کارێکی ئەنجامدراو لەلایەنی بەرانبەر و خۆ چوواندن بە ئەوان و وەك ئەوان هەڵسوکەوتکردن دەگرێتەوە.

خۆ چوواندن بە «سەگ» و لاسایی کردنەوەی لە ڕووی دەنگ و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و پۆشینی جلوبەرگ لە گەشە دایە، تەنانەت لە هەرێمی کوردستان گەر وردبینەوە دەبینین کەسانێك لە باسی سەگەوە دەیانەوێت خەڵکی فێری وەفا بکەن (واتا سەگ بە گەورەتر و بە وەفاتر نیشان دەدرێت لە بەشێکی مرۆڤ)، هەندێك کەسیش خۆیان وەکو «سەگ» دەچوێنن و وەکو سەگ «دەحەپن» جا ئەم خۆ چوواندن بە سەگە زۆر جار بۆ کەسایەتییەك یان بنەماڵەیەك یان حزبێك دەبێت، ئەمەش جگە لە وێرانکردنی کەسایەتی و سووکایەتیکردن بە خۆیان و مرۆڤبوونیان هیچیتریان دەستناکەوێت.

ڕووی دووەم: بوونی مرۆڤ وەکو ئاژەڵەکان سەرزەنشتکراوە، خوای باڵادەست دەفەرموویێت: ﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لَا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ﴾[١] واتە: (سوێند بە خوا بە ڕاستی ئێمە زۆرێك لە جنۆکە و ئادەمیان بۆ دۆزەخ دروست کردووە، ئەوانە دڵیان هەیە بەڵام -لە ڕاستی- تێناگەن و چاویان هەیە -هەقی- پێ نابینن و گوێیان هەیە

---

(١) سورة الأعراف-١٧٩

-هەقی پێ- نابیستن، ئەوانە وەك ئاژەڵ -چوار پێ- وەهان و بگرە خراپتر و گومڕاترن -لە ئاژەڵ- هەر ئەوانەن بێ ئاگایان).

ڕووی سێیەم: ﴿وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ ۚ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِنْ تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَثْ ۚ ذَٰلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا ۚ فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ * سَاءَ مَثَلًا الْقَوْمُ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَأَنْفُسَهُمْ كَانُوا يَظْلِمُونَ﴾[١] واتە: (ئەگەر بمان ویستایە بەو ئایەتانە پلەیمان بەرز دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی نووساند بە زەوییەوە و دوای ئارەزووی خۆی کەوت، نموونەی ئەو وەك ئەو سەگەیە ئەگەر لێی بدەیت و دەریکەیت -مۆڕەت لێ دەکات- و زمانت لێ دەردێنێت، ئەگەر وازیشی لێ بهێنێت هەر زمان دەردەهێنێت ئەو -سیفەتانە- نموونەی ئەو کەسانەیە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا، دەی ئەو داستان و چیرۆکانە باس بکە تا بچنەوە بە خۆیاندا و بیر بکەنەوە، بەد و خراپە وێنەی -چیرۆکی- ئەو کەسانەی کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا ئەوانە هەمیشە ستەمیان لە خۆیان دەکرد.

هەروەها دەفەرموویت: ﴿مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا﴾[٢] واتە: (نموونەی بەسەرهاتی ئەوانەی کە تەوراتیان درا بەسەردا لە پاشان هەڵیان نەگرت (ڕەفتاریان پێ نەکرد) وەك گوێ درێژێکە کە کتێبێکی زۆری هەڵگرتبێت).

---

(١) سورة الأعراف١٧٦-١٧٧

(٢) سورة الجمعة ٥

ڕووی چوارەم: وتەی پێغەمبەر خۆیەتی (ﷺ) لە (الصحیح)دا: (العائد في هبته كالكلب يعود في قيئه...)[١] واتە: (پاشیمانبوونەوە لە بەخشین، وەك سەگێك وایە كە دەگەڕێتەوە بۆ ڕشانەوەكەی).

ڕووی پێنجەم: پێغەمبەری ئەزیزمان (ﷺ) دەفەرمووێت: (إن الملائكة لا تدخل بيتاً فيه كل) واتە: (فریشتەكان ناچنە ناو ماڵێكەوە كە سەگی تێدا بێت)[٢].

وەهەروەها دەفەرمووێت: (إذا سمعتم صياح الديكة فاسألوا الله من فضله، وإذا سمعتم نهيق الحمير فتعوذوا بالله من الشيطان فإنها رأت شيطانا) واتە: (ئەگەر گوێتان لە دەنگی كەڵەشێر بوو، داوای بەخشندەیی لە خوای گەورە بكەن، و ئەگەر گوێتان لە دەنگی گوێدرێژ بوو، پەنا بە خوای گەورە بگرن لە شەیتان، چونكە شەیتانیان بینیوە).[٣]

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە دەنگەكانی بەراورد دەكرێن بە شەیتانەكان، و فریشتەكان دوور دەخەنەوە، و زانراوە كە لە لێكچوون لەگەڵ شتێكدا دەبێت لە حوكمەكاندا مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت بە

---

(١) البخاري (٦٩٧٥)، ومسلم (١٦٢٢)، واللفظ للبخاري، وليس عند مسلم: «ليس لنا مثل السوء»

(٢) البخاري (٣٢٢٥)، ومسلم (٢١٠٦) من حديث أبي طلحة بلفظ: «لا تدخل الملائكة بيتًا فيه كلب ولا صورة»

(٣) البخاري (٣٣٠٣)، ومسلم (٢٧٢٩) من حديث أبي هريرة بهذا اللفظ

ڕادەی لێکچوونەکەی، بۆیە ئەگەر سەگ حەپاندی لەوەدا بەراوردێك هەیە لەگەڵ جنۆکەکان و ڕۆشتنی ودوور کەوتنەوەی فریشتەکان بە پێی ئەوە، وە ئەوەی جنۆکەکان بانگ دەکات و فریشتەکان دوور دەخاتەوە، ڕێگەپێدراو نییە جگە لە کاتی پێویست نەبێت، هەر بۆیە ڕاگرتنی سەگ ڕێگەپێدراو نییە جگە لە پێویستی نەبێت بۆ ئەوەی سوودێکی هەبێت وەك ڕاوکردن، یان بۆ دوورکەوتنەوە زیان لە ئاژەڵەکان و کێڵان، تانانەت پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ)، دەفەرموویێت: (من اقتنى كلباً إلا كلب ماشية، أو حرث، أو صيد نقص من عمله كل يوم قيراط) واتە: (هەرکەسێك سەگێکی جگە لە سەگی ئاژەڵ، یان کێڵان، یان ڕاوکردن ڕابگرێت، ئەوە هەموو ڕۆژێك یەك قیرات لە کردەوە چاکەکانی کەم دەکات).[١]

ڕووی شەشەم: (أن النبي (ﷺ) لعن المتشبهين من الرجال بالنساء، والمتشبهات من النساء بالرجال)[٢] واتە: (پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) نەفرەتی لەو پیاوانە کردووە کە خۆیان بە ژنان دەچوێنن، هەروەها ئەو ژنانەی کە خۆیان بە پیاوان دەچوێنن، چونکە خوای گەورە هەموو جۆرە گیانێکی دروست کردووە و چاکە و کامڵبوونی ئەوی لە بابەتێکی هاوبەشی نێوان خۆی و جگە لە خۆی و نێوان بابەتی تایبەت بە ئەو داناوە، بەڵام بابەتە هاوبەشەکان لە تایبەتمەندی یەکێك لە دوو جۆرەکە نییە و بەم هۆیەشەوە بۆیە لە

---

(١) البخاري (٥٤٨٠) بنحوه، ومسلم (٥٣/١٥٧٤) من حديث ابن عمر رضي الله عنهما.

(٢) البخاري (٥٨٨٥)

شوێنەکانی قەدەغەکردن نەبووە، بەڵکو شوێنەکانی قەدەغەکردن لە بابەتە تایبەتەکانن.

کەواتە ئەگەر ئەو بابەتانەی کە لە سیفەتەکانی ئافرەتن بۆ پیاوان نییە لاسایی بکەنەوە، وە ئەو بابەتانەی کە لە سیفەتەکانی پیاونن بۆ ژنان نییە لاسایی بکەنەوە، بۆیە ئەو شتانەشی کە لە تایبەتمەندی ئاژەڵەکانن دروست نییە مرۆڤ لاساییان بکاتەوە و ئەمەش لە یەکەم و لە پێشترە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا کۆمەڵێك شتی هاوبەش و کۆمەڵێك شتی جیاواز هەیە.

پاشان بابەتی هاوبەشی وەك خواردن و خواردنەوە و سێکس و دەنگ و جووڵەکان؛ کاتێك پەیوەست دەبن بە وەسفێکی دیاریکراوەوە، ئەوە بۆ مرۆڤ کۆمەڵێك حوکمی هەیە تایبەت بە خۆیەتی، بۆی نییە لاسایی ئەوانە بکاتەوە کە ئاژەڵان دەیکەن، کەواتە ئەو بابەتانەی کە تایبەتن بە ئەو لە پێشترە، هەرچەندە لە ڕاستیدا هاوبەش نییە لە نێوانیان، بەڵام وەسفی هاوشێوەی وەسفەکانیان هەیە لە هەندێك ڕوو و چارەنووسی هاوبەش و بوونیان لە مێشکدایە نەك لە دەرەوە.

هەروەها ئەگەر وابێت، ئەوا خوای گەورە لە ڕاستیدا مرۆڤی بە پێچەوانەی ئاژەڵەوە داناوە و کامڵبوون و ڕاست و دروستێتی لەو بابەتانەدا داناوە کە لەگەڵیدا دەگونجێت، و لە هەموویاندا هاوشێوەی ئاژەڵەکان نییە و گۆڕانی دروستکراوی خوای گەورە دەچێتە ناو تێکدانی فیترەت و شەرعەوە، و ئەوەش حەرامە. خوای گەورە باشترین دەزانێت.

## کێن ئەوانەی دەبنە «سەگ» ؟

ئەوانەی لاسایی ئاژەڵ دەکەنەوە بە تایبەتتر سەگ، بریتین لە:

- کەسایەتییە نزمەکان.
- پەراوێز خراوەکان.
- نموونە ناشرین و تێکشکاوەکانی کۆمەڵگە.
- ئەوانەی حەز و خولیای کۆیلایەتی دەکەن.
- کەمزانان.
- بێ بیران.
-بێکەڵکەکان.
- ئەوانەی کوێرن لە ئاست ڕاستی.
- زمان درێژ و عەقڵ بچووکەکان.
- ئەوانەی دەنگ بەرزکەرەوەن لەکاتی گفتوگۆ و لەسەر حەقیش نین.
- بێگوێکان.
- خۆ فرۆشان.
- ئەوانەی هەر ڕۆژە و لەبەر دەرگایەکن بۆ پاروویەك نان.
- ئەوانەی حەزیان لە نان و ناوبانگ و خۆکردنە بابەتە.

-ئەوانەی ئامانجیان گەیشتنە بە پارە و پلە و پۆست.

- چەندین سیفەتی تر...

ئەو کەسانە و هاوشێوەی ئەوانە، باری قورسن بەسەر شانی ئەو میللەتە و بەڵان بۆ کۆمەڵگە.

## کۆتایی ئەم نووسینە و سەرەتای نووسینی داهاتووم:

لە هەناوی مرۆڤی باڵادا پاکی و مرۆڤبوون و سنوور هەیە و خۆی لە تەونی چەمککەلی خراپەی ئەخلاقی دەپارێزێت و لە نێو قوڕولیتەی چێژ پەرستیی جەستە و زێدەڕۆییکردن لە تێرکردنی غەریزە پەرستنەکاندا، ناگەوزێت، و چەشنی کۆیلە ملی بۆ شەهوەتەکانی خۆی نادات و لە شان و شکۆی گیانی ئازاد و بڵندخوازیی مرۆڤی باڵاوە دەوەشێتەوە کە جڵەوی نەفسی خۆی بکات، نەك هاوتای دواهەمین مرۆڤەکان ببێت بە کۆیلەی نەفسی خۆی.

مرۆڤی ڕاستەقینە نکۆڵی لە چاکە و خراپەی مێگەل دەکات، مرۆڤی بەرز لە ناخی خۆیدا ڕێز لە کەسی بەهێز دەگرێت، ڕێز لەو کەسەش دەگرێت کە هێزی بەسەرخۆدا زاڵبوونی هەیە و ساتی ئاخاوتن و بێدەنگبوون دەزانێت، بە تامەزرۆییەوە خۆی دەپارێزێت و ڕێز لە خۆپاراستنی لە ڕادەبەر دەگرێت، ئەمەش لە کەسایەتی موسڵمان دەوەشێتەوە، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەموو مافێکی مرۆڤی دابینکردووە و بەرگریش دەکات لە خودی مرۆڤ خۆی و جەستەیی و تایبەتمەندییەکانی و خێزانی و شەرەفی و ماڵ و سامانی و کەرامەتی و هەروا ڕێ و شوێنی لە هەر جێگەیەك نیشتەجێ بێت... تاد.

هەر میللەت و هەر کەسێك دژایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکات گومانی تێدا نییە لە ڕێڕەوی ڕاستی مرۆڤایەتی لادەدات و لە ئاژەڵ خراپتر ئەنجام دەدات و نەفسی پەلکێشی دەکات بۆ پەرستنی ئارەزووەکانی.

ئەم ئیسلامە، مژدەی ژینێکی تەواو جیاوازی پێیە، ژینێك، لە بنچینەوە لە ژیانی پێشووتری ئادەمیزاد ناچێت، ژینێك پڕ لە هێز و خۆشنوودی، لێوان لێو لە دلێری و جوانی، ئامانجی ئەوەیە ڕەگەزێکی بەهێزتر بهێنێتە بوون، جۆرێکی باڵاتر.

دەی! ئەی مرۆڤە بەرزەکان، ڕابن! تەنها ئێستا و ئەم ساتەیە، چیای ئاییندەی مرۆڤ ژانی منداڵبوون دەچێژێت.

دەبێت چ جۆرە مرۆڤێك لەدایك ببێت، ئیرادەی هەبوونی چ جۆرە مرۆڤێك بکرێت، جۆرێکی بە نرختر، شایستەتر بۆ ژیان، دڵنیاتر بۆ ئاییندە...

داواکارم لە پەروەردگار ئێمە لەوانە بین کە کار دەکەن بۆ ئایندە و ببینە جێگەی دڵنیایی ئوممەتێك...آمین

سالار عومەر

٢٠٢٣/٣/١٨ شەممە/ هەولێر

**پەیامێك:**

- کێ دەبێتە سەگ با ببێت، بەڵام لەبەردەرگای ئاغاکانتان خەرکی حەپین بن و، واز لە گاز گرتنی میللەت بهێنن.

- بۆ ئاغاکان: وریابن زۆر سەگی بەوەفا هەبوو، دواتر هار بوو و پەلاماری خاوەنەکەی داوە و گازی لێگرتووە، بۆیە پشتیان پێ مەبەستن.

- بۆ میللەت:

ئاگاداربن، کارەساتی گەورە ئەوەیە حکومەتێك ببێتە سەگی دەوڵەتێکی بێگانە و گاز -قەپ- لە میللەتەکەی خۆی بگرێت بۆ ڕەزامەندی دەوڵەتانی تر.

دەمەوێت چیتر نەنووسم

ئیتر...

لێم تێبگەن...

## سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز

- فەرموودەی سەروەرمان

- https://www.vetogate.com/

- https://www.sawtbeirut.com/

## بەرهەمەکانی نووسەر



١- ژیانی دووەمی مرۆڤ.
٢- پێگەی دایك و باوك لەم سەردەمە.
٣- ڤالانتاین لەنێوان ڕاستی و چەواشە.
٤- فیستیڤاڵی ڕەنگەکان (holi).
٥- دەریایەکی بێ کەنار.
٦- هالۆوین جەژنی دەرەمۆك و ترسنۆکەکان.
٧- وشەکانم دەنگیان نایە.
٨- شاری زینا (pompeii)
٩- یۆگا لەنێوان (وەرزش، فەلسەفە، ئاییندا).
١٠- (٢٠)بابەتی گرنگ و پوخت دەربارەی قوربانیکردن
١١- ئاهەنگی ڕۆژی دەرچوون لەکۆلێژ و پەیمانگەکان.
١٢- جوولەکە لەتەورات و ئینجیلدا.
١٣- شاخەوانی (مێژوو،پێداویستی، سوودەکانی).
١٤- دوورگەی لیتل سانت جەیمس. "L.S.J".
١٥- ناوبانگی پووچ (تیك تۆك چییەکان).
١٦- پایەکانی ئیسلام و ئیمان بۆمنداڵان و نەوجەوانان.
١٧- ئادابی ئیسلامی جوان بۆ منداڵان و نەوجەوان.
١٨- بیست پرسیار لەلایەن منداڵان وەڵامیان لەپێغەمبەری خودا.

# ناوەڕۆك

پێشکەشە بە ........................................................ ٥
پێشەکی ........................................................ ٧
پێش باس ........................................................ ٩
ڕێـــڕەوی بـــاس: ........................................................ ١١
مرۆڤی سەگی ئەورووپا دەگرێتەوە! ........................................................ ١٣
سەرەتای دیاردەکە: ........................................................ ١٤
خێرایی بڵاو بوونەوە: ........................................................ ١٥
ناتەواویی کەسایەتی: ........................................................ ١٨
چەند وێنەیەکی مرۆڤی سەگی ........................................................ ١٩
ڕۆژئاوا خەریکی چییە؟ ........................................................ ٢٩
مافی مرۆڤ ........................................................ ٤٠
خودای گەورە ڕێزی بۆ مرۆڤ داناوە ........................................................ ٤٣
مرۆڤ و ئاژەڵ جیاوازییان چییە؟ ........................................................ ٥٠
کێن ئەوانەی دەبنە «سەگ» ؟ ........................................................ ٥٧
پەیامێك: ........................................................ ٦١
سەرچاوەکان ........................................................ ٦٢
بەرهەمەکانی نووسەر ........................................................ ٦٣